ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی بە پێنجشەممەی داهاتوو دواخست

ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی کە ئەمڕۆ بەڕێوەچوو، بە پێنجشەممەی داهاتوو دواخست.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاند" ئەنجوومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ئەمڕۆدا دەنگی لەسەر ڕەشنووسی یاسای یارمەتی یاسایی دا، هاوکات دەنگدانی لەسەر ڕەشنووسی یاسای پەسەندکردنی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کەمار عێراق و حکومەتی کەماری تونس دواخست، سەبارەت بە خزمەتگوزارییە ئاسمانییەکانی نێوان هەرەمەکانیان لەسەر داوای لیژنەی تایبەت.

هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران دەنگدانی لەسەر ڕەشنووسی یاسای پەسەندکردنی ڕێککەوتنی گواستنەوەی دەریایی نێوان حکومەتی کەماری عێراق و حکومەتی کەماری میسری عەرەبی دواخست، لەسەر داوای لیژنەی پێیوەندیدار.

ڕوونیشیکردەوە کە موحسین مەندەلاوی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت دووپاتی کردەوە کە دەنگدان لەسەر یاسای ئاسایشی نیشتمانی هەفتەی داهاتوو ئەنجام دەدرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد" ئەنجومەن ڕاپۆرت و گفتوگۆی ڕەشنووسی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەسەڵاتی باڵای دەریایی عێراقی تەواوکرد، هەروەها ئەنجومەن ڕاپۆرت و گفتوگۆی ڕەشنووسی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای ماددە هەشبەرەکانی ژمارە (50)ی ساڵی ٢٠١٧ تەواوکرد.

راگەیەندراوەکە ڕوونیکردەوە" کەلەدانیشتنەکە خوێندنەوەی یەکەمی ڕێنووسی یاسای بیست و یەکەمی هەموارکردنی یاسای خاوێن خانووەکان ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ کرا، هەروەها ئەنجومەن خوێندنەوەی یەکەمی بە ڕێنووسی یاسای تایبەت بەیەکەم هەموارکردنەوەی یاسای بەرگری شارستانی ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠١٣ کرد.

ئەنجوومەنی نوێنەران خوێندنەوەی یەکەمی بە ڕێنووسی یاسای هەڵوەشاندنەوەی بەیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی فەرماندەیی شەشی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٣ تەواو کردووە، جگە لە تەواوکردنی خوێندنەوەی یەکەمی پێژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەی بەیارە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی فەرماندەیی شەشی ژمارە (175)ی ساڵی 1994 و (4)ی ساڵی 2003."

لە دانیشتنەکەدا ڕەورەسمی سوێندخواردنی بورهان ناسر محەمەد وەک ئەندام پەرلەمان و جێگرەوەی محەمەد حەلبوسی بەرچوەچوو